
# سەدام حسێن چۆن دەستگیر کرا*؟



**نوسینی: پۆڵ برێمەر**
**لە هۆڵەندییەوە : رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم**

یەکشەمە 14 ی دیسێمبەر کات ژمێر یەک و نیوی شەو بە زەنگی تەلەفۆنەکەی ژورسەرم راچەنیم، رۆژێکی پڕ لە کارم تازە تەواو کردبوو، هێندەش نەبوو سەرم نابووە سەر سەرین:

**- بمبورە بەئاگام هێنایت!**

ئەمە دەنگی یەکێک لە هاوکارەکانم بوو بە ناوی میجۆر ( پات کارول ) کەسێکی بەتواناو عەرەبی زانێکی لێ هاتوو...

**-جەنرال ئەبی زەید دەیەوێت دەست بەجێ بە تەلەفۆنی شیفرە لەگەڵتدا بدوێت!**

**- پات... ئاخەر تەلەفۆنە شیفرەکەی نزیک ژوری خۆم هێشتا نەبەستراوە.... کارەکە زۆر گرنگە؟ هەر دەبێت بە تەلەفۆنی شیفرە بێت؟**

**- بەڵێ دەزانم، منیش بە هاوکارەکەی ئەبی زەیدم راگەیاند کە تەلەفۆنەکە هیشتا نەبەستراوە بەڵام ئەو گوتی کارەکە زۆر گرنگەو هەر دەبێت بە تەلەفۆنی شیفرە بێت!**

بەدەم خۆ گۆڕینەوە گوتم

**-ئۆکەی تەلەفۆن بکە بۆ کۆماندۆ پۆست و کەسێکی ( بلاک واتەر) لەگەڵ خۆتدا ئامادەکە...**

من و ئەبی زەید رۆژانە قسەمان دەکرد بەڵام زۆر بە دەگمەن شتی وا رویداوە کە ئاوا لە نیوە شەودا داوای تەلەفۆنم لێ بکات، بەتایبەت بە تەلەفۆنی شیفرە کراویش، هەبێ و نەبێ ئەمە یان خەبەرێکی زۆر ناخۆشە یان زۆر خۆشە!

لە رێگای رۆشتنمدا بۆ شوێنی کارم، بەرێکەوت سەربازێکی بریندارم بینی لە ناو کۆپتەرێکی ئامبلانسدا بوو، هیوام خواست کە شتێکی ئەوتۆ روی نەدابێت کوژراوو بریندارمان زۆر بێت.

پاش چارەکێک گەشتمە ژوری کارکردنی خۆم کە لە نێو کۆشکەکاندا بوو، بینیم ( دک یۆنس )ی جێگرم و ئەفسەری پەیوەندی سی. ئای. ئەی. لەوێ بوون، لام سەیر بوو پرسیم ئەرێ ئەوە چی بووە؟

ئەفسەرەکەی سی ئای ئەی گوتی:

**- پێم وابێت (سەدام) مان دەستگیر کردووە!**

دەستم دایە تەلەفۆنەکەو لەگەڵ جەنرال جۆن ئەبی زەید گرێ درام:

**- جۆن؛ ئەوە چی دەبیستم لەسەر سەدام؟**

**- پێ دەچێت دەستگیرمان کردبێت، سەربازەکانمان لە هێزی تایبەت پیاوێکی پیسی ریشنیان لە نێو کونێکی نزیک تکریت دۆزیوەتەوە.**



**- جا تۆ دڵنیات ئەوە سەدامە؟**
**- کە سەربازەکان لە کونەکە هێناویانەتە دەرەوە خۆی گوتویەتی ( من سەدام حسێنم سەرۆکی عێراق) ئیتر سەربازەکان جوان پشکنیویانە هەموو ئەو خاڵە کوتراوانەی کە لەسەر دەستی و لەشی هەن بەپێ ی زانیاریەکانی ئێمە هەموو وادەگەیەنن کە خۆی بێت .**

من و ئەبی زەید هەردوکمان دەمانزانی کە سەدام ساڵانێکی درێژ بوو کەسانی هاوشێوەی خۆی(لە یەکچوو)ی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی دوژمنەکانی خۆی بە هەڵەدا بەرێت، بۆیە من پرسیم داخۆ دەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە بەڕاست سەدام خۆیەتی دەستگیرمان کردووە . ئەبی زەید گوتی:
**- گواستومانەتەوە بۆ بەغداد و سەری دەتاشین و تەراشی دەکەین و پیشانی زیندانیەکانی دیکەی دەدەین و پاشان چاوگێک بۆ تێستی ( دی ئێن ئەی ) رەوانەی ئەڵمانیا دەکەین فڕۆکەیەکی( سی – 17 ) بۆ ئەو کارە ئامادەیە.**
**- جۆن؛ پێوستە ئێمە لە سەدا سەد دڵنیا بین کە ئەوە خۆیەتی، ئەزانی ئەگەر دەنگوباسی ئەوە دزەبکاتە دەرەوەو یەکێک لە هاوشێوە کانی بێت وخۆی دەرنەچێت ئەبین بە گاڵتەچی دنیا! ئەو تێستی دی ئێن ئەیە چەندی پێ دەچێت؟**
**- وەک بە من گوتراوە لە نێوان 24 بۆ 36 کاژێری پێ دەچێت.**
گەڕامەوە بۆ ناو جێگا بەڵام نەم توانی هیچ بخەوم، بیرم لە چەندین شت دەکردەوە، چەندین وێنەو لێکدانەوە دەهاتنە بەرچاوم، کەلە سەری سەدام دەهاتە بەرچاوم کە لە برۆنز دروست کرابوون و فڕە درابوونە ناو گژو گیاو تەپ و تۆز دایپۆشی بوو، ئەو هەموو گۆڕە بەکۆمەڵە پڕ لە ئێسک و پرسکەم دەهاتە بەرچاو لە حلە، تۆ بڵێ ی ئەو ئەژدیهایەمان دەستگیر کردبێت؟
پاش خەوێکی نائارامی دوو کاژێری بێدار بووم و خۆم بۆ رۆژێکی زۆر ئاڵوزو پڕ لە کار ئامادە کرد، خەریکی خواردنی موسەلی بووم کە هاکارم ( پات ) ئێسپرسۆیەکی بۆ هێنام...
یۆنسی جێگرم لەگەڵمدا نانی دەخوارد و پێکەوە چاوەڕێ ی هەواڵی تازە بوین، پات هات و پێ ی گوتم
**-جەنرال ریکادۆ سانشێز و جەنرال فاست بە رێوەن بۆ لاتان تا لە دووا زانیاریەکان ئاگادارتان کەنەوە.**
زۆری نەبرد جەنرال فاست، گەورە ئەفسەری بەشی زانیاری هاوپەیمانان و سانشێز کە لە من خەواڵو تر دیار بووخۆیان کرد بە ژوردا،فاست وردەکاریەکانی دەستگیرکردنی سەدامی پێ راگەیاندم:
لە مانگەکانی پاش پرۆسەی ئازاد کردن، هەموو پرۆپاگەندە و راپۆرتەکانی تایبەت بە شوێنی خۆحەشاردانی ( سەدام)مان تاوتوێ کردبوو، لە ناو شاردا خۆی شاردۆتەوە، بۆ سوریا رایکردووە، لەناو یەکێک لە شوێنە نهێنیەکانی خۆیدا کە پێشتر دروستی کردوون خۆی شاردۆتەوە، لە سەرچاوەیەکی زۆر باوەڕپێکراویشەوە ئەوەمان بیست کە سەدام لە ناو تەکسیەکدا بە ریشێکی درێژی سپی و کلێتەیەکی سورەوە ( هاوتای بابە نۆئێل ) دەسوڕێتەوە.

لە پایزدا ئێمە ستراتیژی خۆمان گۆڕی ، دەمانزانی کە لە دوا ڕۆژەکانی خۆیدا سەدام حسێن هەموو دەست و پێوەندەکانی خۆی بەجێ هێشتووە، بۆیە ئێمە بە شوێن هاوکارەکانی سەدام لە ئاستە نزمەکاندا دەگەڕاین وەک باخەوان یان شۆفێر یان خزمەتکار کە زانیاریمان بدەنێ ،( فاست )و سی ئای ئەی بۆ ئەم مەبەستە بانکێکی زانیاریان پێکهێنابوو.


هێزە تایبەتەکان ئەوانەی بە تایبەت بە شوێن سەدام دەگەڕان سەرلەبەیانی ڕۆژی شەمە لە نزیک ( تکریت)ەوە پەیوەندیەکی گومان لێکراویان لە ماڵی یەکێک لە خزمەکانی سەدام تۆمار کردبوو،ئەو کەسە گومان لێکراوە لە کاتی لێپێچینەوەیدا ئەوەی درکاندبوو کە شوێنی خۆشاردنەوەی کەسێکی زۆر گرنگ دەزانێت ، شوێنەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلەو نزیک گوندی ( دۆر) بە پازدە کیلۆمەتر لە باشوری خۆرئاوەی گوندەکەوە.

کابراکە ئامادە نەبوو کە بە ئاشکرا بیدرکێنێت کە ئەو کەسە گرنگە کێیە، بەڵام بە پێ ی ستراتیژی خۆمان ئەم هەواڵەمان بە هەند وەرگرت و هێزەکانمان بۆ کۆکردەوە و بەڕێمان خستن بۆ شوێنەکە.

نزیک کاتژمێر هەشتی ئێوارەی ڕۆژی شەممە هێزێکی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان لەگەڵ ئامێری تایبەتی ( ئینفرا ڕێد – تیشکی ژێرسور) بۆ ناوچەی دۆر بەڕێکەوتن، یەکەم کردەوەکانی سکانکردن دەستی پیکرد، چەندین چاڵ و چۆڵ ژوری چۆل وکۆخ و کەندڕ سکان کران بەڵام ئەنجامی بەدەستەوە نەداو گلۆپەکەی لە هیچ شوێنکدا دانەگرساو هیچ ئاماژەیەکی ئەوە نەبوو کە گیان لەبەریان تیادا بێت،پاشان ئامێرەکەدا وەلانراو تانک و زرێپۆشەکان ڕەوانە کران تا سەربازەکان خۆیان ناوچەکە بپشکنن.

یەکەم کوخ و ماڵ چۆڵ بوون هیچی تیا نەبوو بەڵام لە دووەمدا ئاماژەی ئەوە هەبوو کە ئەم شوێنە ماوەیەک نابێت خەڵکی تیادا ژیاوە، نان و خواردن و شوشە و سەفتەیەک( تی- شێرت) لەسەر مێز بوون ، ئۆتۆمبیلێکی تەکسیش لەولاوە ڕاگیرابوو. جەنرال فاس لەگەڵ قسەکانیدا بە وێنە هەموو شوێن و ناوچەکەی پیشان دەدام.

سەربازەکانمان لە دەروبەری ئەو ژورە هیچیان نەدۆزیەوە، خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە ئیتر بڕۆن، بەڵام یەکێک لە سەربازەکانمان تێبینی ئەوەی کردبوو کە شوێنێکی چوارچوارگۆشەی بە خشت دروست کراو لە ژێر زەویەکەوە هەستی پێ دەکرێت، کە بە لوتی پۆستالەکەی لە زەوی دەوروبەرەکەی دابوو پەتێک دەرکەوتبوو، پەرەتەکەی ڕاکێشابوو سەیری کردبوو کە دەمی کونێک بە قوڵی 1.80 مەتر کە زەلامێکی پێوە دەچێت دەکرێتەوە،



سەربازەکان هاوریان کردبوو کێ لێرە خۆی شاردۆتەوە با بێتە دەرەوە بەڵام دەنگ نەبوو، بۆیە یەکێک لەسەربازەکان خەریک بوو بۆمبێکی بێ هۆشکرن فڕەداتە ژورەوە بەڵام دەستبەجێ دوو دەستی پیس بەرزکراوە و سەروقژێکی ئالۆسکاوی شانە نەکراو دەرکەوتن، پیاوە ریشنەکە بە ئەکسەنتێکی ئینگلیزی گوتی:

**- من سەدام حسێنم سەرۆکی عیراق، ئامادەم دانوسانتان لەگەڵدا بکەم!**
سەربازەکان ئەو ژورە بچوکە پیسەیان پشکنی کە شوێنی خەوی سەدام بوو، دەمانچەیەک و چەمەدانێک دۆکۆمێنتی گرنگیان تیادا دۆزیەوە، دواتر ئێوارەی هەمان شەو هێزەکانمان دوو کەسیان دەستگیر کرد کە پیاوی سەدام بوون ، تفەنگی ئەی کەی 47 ( کلاشنکۆف – وەرگێڕ) یان پێبوو لەگەڵ تورەکەیەک کە 750 هەزار دۆلاری تیا بوو پاشان فرۆکەیەکی کۆپتەر سەدامی بەرەو زیندانێکی سەربازی لە فرۆکەخانەی بەغداد گواستەوە ، لەوێ دەستبەجێ پشکنینی تەندروستی بۆ ئەنجام درا.
جەنراڵ فاست هەموو وێنەکانی پیشاندام، بەرلەوەی بخرێتە زیندان و پاش خستنە زیندانی، وێنەکانی یەکەم سەرەتای گەشتنی بوو بۆ ناو فرۆکەخانە، وێرای ئەوەی کە سیمای زۆر شێواو بوو ، ریشی زۆر نارێک و سەرو قژێکی ماش و برنجی بژن و زۆر بەلام کە سەیری چاوت دەکرد بە ئاشکرا هەستت دەکرد کە ئەوە خۆیەتی و سەدامە.
**- ئەم وێنانەش پاش سەر و ریشتاشینیەتی !** (سانشێز گوتی **).**
سمێڵ و قژی کورت کراونەتەوە، ریشی تاشراوە ، ئێستا ئیتر گومان لەوەدا نەماوە کە ئەمە سەدام خۆیەتی... فاست ئەوەشی بۆ رون کردمەوە کە پاشان سەدام حسێنیان پیشانی چوارکەس لە گەورە لێپرسراوان داوە بۆ ئەوەی بزانن داخۆ دەیناسنەوە یان نا، لەوانەش تاریق عەزیزو سکرتێرەکەی، هەر هەموویان ئەوەیان چەسپاند کە ئەو پیاوەی لە ژورێکی بێ پەنجەرەو لەسەر جێگایەکی سەربازی پاڵ کەوتووە سەدام حسێنە!
کارمەندەکانی بەشی هەواڵگری بۆ ئەوەی تۆنەکانی جاران و ئێستای بەراورد بکەن دەنگی ئێستای سەدام و چەندین دەنگی دیکەی نێو ئەرشیفەکانی خۆمان بە ئامێرێکی تایبەتی دیجیتالی دەنگ تاقی کردنەوە تێست کرد، بەر لە خۆر هەلاتن فرۆکەی ( سی 17) کە هەموو پێداوستیەکانی تێستی ( دی ئێن ئەی ) و چاوگێک لە لیکی سەدام حسێنی هەڵگرتبوو کەوتبووە رێگا، لە ئەڵمانیا ئەم چاوگە لە لیکی سەدام بەراورد دەکرێت لەگەڵ تیستی ( دی ئێن ئەی ) کەسانی دیکەی خێزانی سەدام کە لای سی ئای ئەی هەبوون!
پاشان سانشێز گوتی:
**- لەبەر هۆکاری ئاسایش وا پێوست دەکات سەدام بگوێزینەوە بۆ ناو یەکێک لە کەشتیەکانی هێزەکانی مارینز لە کەونداو.**
منیش لەوەلامدا گوتم:
**- ئەگەر سەدام بگوێزینەوە بۆ دەرەوەی ولات و وێنەو دەنگوباسی دەستگیرکردنەکەی بلاونەکەینەوە ئەوا زۆر لە عێراقیەکان ( ئەو خەڵکەی کە لەهەموو کەسانێکی دیکە زیاتر بڕوای بە پیلان و کۆمپلۆ هەیە) هەرگیز بڕوا ناکەن کە ئێمە ئەو ستەم کارەمان دەستگیرکردبێت.**
دیسانەوە بە هەردوو جەنراڵەکەم راگەیاندەوە کە خەڵکی بەڵگەی دەوێت تا بزانێت سەدام دەستگیر کراوە، مانگەکانی پێشو چەندەها پروپاگەندە بلاو دەبونەوە کە گویا ئێمە سەدام حسێنمان دەستگیر کردووە و لەگەڵیدا رێکەوتوین و سەدام ئێستا لە فلۆریدا دەژی ، هەروەها هەندێک کەناڵی میدیاش دەنگی پیاوێکیان بلاودەکردەوە کە گویا سەدامە و داوا لە عێراقیەکان دەکات کە هەرچی زیاترە پەیوەندی بە هێزەکانی بەرگریەوە بکەن. بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئێمە بۆ هەموو عێراقیەکان و هەموو دنیای ئاشکرا بکەین کە سەدام دەستگیر کراوەو رژێمی بەعس هەرگیز ناتوانێت بگەڕێتەوە سەر دەسەلات. وێرای ئەوەش ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ کۆنسەی حوکم لە عێراقدا باسی ئەوەمان کرد کە دادگایەکی عێراقی تایبەت بۆ سەدام و دارودەستەکەی دانرێت بەلام بێگومان ئەو دادگایە کاتێک دەست پێ دەکات کە سەدام خۆی دەستگیر کرابێت.
پێم باش بوو نێرژەیەکی بچوک لە ئەندامانی کۆنسەی حوکم بۆ دیتنی سەدام بەرین، بەلام ئەمە تەنها پاش ئەوەی کە گرتنەکەی سەدام ئاشکرا دەکەین،گوتیشم کە باشتر وایە ( پاچەچی ) ئاگادارکەمەوە چونکە ئەو ئێستا سەرۆکی کۆنسەی حوکمە لە عێراق.

پاش ئەوەی سانشێزو فاس رۆشتن من و جێگرەکەم دک یۆنس کەوتینە باس کردنی ئەوەی کە پێوستە چی بکەین و چی نەکەین، من پێم وابوو کە پێوستە ئەم سەرکەوتنە بقۆزینەوە ( ئەمە دەبێتە خاڵیکی وەرچەرخانی گرنگ ).

دک یۆنس کە پێشتر باڵوێزی ئەمەریکا بوو لە کوێت شارەزا بوو لەم بوارانەدا، ئەو پێ ی وابوو کە دەبێت ئێمە ئۆپەراسیۆنێکی راگەیاندن ئەنجام بدەین و سود لە سەرچاوەکانی میدیا وەرگرین بۆ ئەوەی کە لای هەموو نەیاران ئاشکرا بێت کە ئیتر سەدام حسێن دەستگیر کراوەو کاتی ئەوە هاتووە چەکانیان فرە بدەن و بێنە پرۆسەی سیاسیەوە، من ئەم بۆچونەم پێ باش بوو بە مەرجێک کە عێراقیەکان لە روکاردا بن نەک ئەمەریکا.

بەخێرایی نامەیەکیشم بۆ جەنرال- میجۆر ( رای ئۆدیرنۆ ) فەرماندەی سوپای چواری پیادە نارد، لە نامەکەدا بۆم نوسی ( خۆت و سوپاکەت ئەمرۆ قارەمانی راستەقینەی رۆژ بوون، ئێوە ئەمرۆ رۆژێکی زۆر پربایەخ و گرنگتان پێشکەشی عێراقیەکان کرد، ئێمە هەمووومان شانازیتان پێوە دەکەین).

کەمێک پاش کاتژمێر 9 ی بەیانی لە بەغداد و 1ی شەو لە ئەمەریکا بریارم دا کۆندی رایز لەو هەواڵە بەتەلەفۆن ئاگادار کەمەوە، بنکەی ( رۆم ) لە کۆشکی سپی راستەوخۆ پێکەوەی گرێداین:

**- کۆندی هیچ گومانێک لە ئارادا نی یە، ئەوەی دەستگیرمان کردووە سەدام حسێنە!**

**- مادام وایە من دەبێت سەرۆک لەخەو هەستێنم دەبێت ئەو ئاگادار بێت!**

چەند کاژێرێکی دیکەم لەگەڵ وتارنوسەکەی خۆمدا ( دۆن هاملتۆن) بەسەر برد، ئەو دەبوو ئەو وتارەم بۆ پاکنوس کات کە من سەبارەت بە راگەیاندنی دەستگیرکردنی سەدام دەمنوسی، ( دان سنۆر) راوێژکارم بۆ کاروباری میدیا بەرێکەوت گەراوەتەوە بۆ تۆرنتۆ لەبەر ئەوە بەتەلەفۆن بۆم دەخوێندەوەو ئەویش بۆچونی خۆی دەدا، دەبوو ئەو نوسینە زۆر ئاشکراو رون بێت، هەروەها دەبوو وشەکان راستەوخۆ واتای خۆیان ببەخشن و بۆ وەرگێرەکانیش بەشێوەیەک ئاسان و ئاشکرا بن کە لە کاتی وەرگێرانی بۆ سەر زمانی عەرەبی توشی ئەوە نەبن وشەکان بە واتایەکی دیکە پێشکەش بکەن...

لەسەر ئەوەش کۆک بوین کە دەبێت ئێمە بۆ هەموو ئەو عێراقیانەی کە خۆش باوەربوون بە پروپاگەندە ئاشکرای کەین کە ئەوە سەدامە و کەوتۆتە داو، دەبوو بۆ میدیاکانیش جا چ میدیا عەرەبیەکان یان خۆرئاواییەکان بێت هەمان شت بسەلمێنینەوە، کاتی خۆی لە مانگی حەوت کە هێزەکانمان هەردوو کورەکەی سەدامیان لەناوبرد ئەو دەمەش ناچار بوین بۆ کۆتایی هێنان بە قسەو قسەلۆکی عێراقیەکان وێنەکانیان بڵاوکەینەوە...

تۆزێک پێش کاتژمێر 12 هەواڵی ئەوەم بۆ هات کە هەندێک کەناڵی میدیای توندرەوی عێراقی یاخود هەندێک رۆژنامە هەواڵی ئەوەیان بڵاو کردۆتەوە کە ئێمە سەدام حسێنمان دەستگیر کردبێت، دیارە ئەم هەواڵە لە ناوچەی تکریتەوە تەشەنەی کردبوو گەشتبووە بەغداد، هەندێک لەو هەواڵانە باسیان لەوە دەکرد کە گویا سەدام کوژراوە یاخود دەستگیرکراوە بەڵام هەڵهاتووە. بەهەرحاڵ عێراقیەکان داوای رونکردنەوەیان لە هێزەکانی هاوپەیمانان دەکرد...

هەرئەوکات تەلەفۆنم بۆ پاچەچی کرد و پێم راگەیاند کە دەنگۆکان راستن و ئێمە سەداممان دەستگیر کردووە، سەرەتا وەک حەپەسابێت بێ دەنگ بوو بەڵام لە پاشاندا بە دەنگێکی بەرزو کامەرانەوە گوتی:

- بە راستی ئەمە رۆژێکی زۆر خۆشە بۆ عێراقیەکان و هێزە هاوپەیمانەکان، جەنابی باڵوێز لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایت لێ دەکەم!

- جەنراڵ سانشێزو من دەمانەوێت ئەم نیوەرۆیە ئەو هەواڵە ئاشکراکەین، پێمان خۆشە کە تۆش لەو کۆنگرەی رۆژنامەوانیە ئامادە بیت!

- ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من جەنابی باڵوێز.

ئەوەشم تێگەیاند کە پاشان گروپێکی بچوک لە ئەندامانی کۆنسەی حوکم پێک دێنین و دەچین بۆ بینینی سەدام..
هۆڵی کۆنفرانسی ( سی پی ئەی – دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان) لەو نیوەڕۆیەدا سیخناخ ببوو لە پەیامنێرو ئاژانسەکانی هەواڵ هەموو کەناڵە گرنگەکانی میدیای دنیا بە زیندوویی ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەیان دەگواستەوە، عەدنان پاچەچی یەکەم کەس سەرکەوتە سەر پۆدیۆمەکە ( سەکۆکە ) من و سانشێزیش لە دوای ئەو سەرکەوتین، هەردوکیان لە پاڵمدا وەستابوون کە میکرۆفۆنەکەم گرت:
**- خوشک و برایانی بەڕێز** (هەناسیەکی کورتم بۆ هەڵمژی و بەردەوام بووم) **دەستگیرمان کرد!**
ئەم سێ وشەیە لە لایەن ( چارلس هتلی ) عەرەبی زانی هاوکارم لە بواری میدیا پێشنیار کرا، ئەو پێ ی گوتم کە دەبێت راگەیاندنی هەواڵەکە زۆر کورت و بە مانا بێت، ئەوە بوو کە پەرچەکردارێکێ زۆر دراماتیکی لێ کەوتەوە، رۆژنامەوانە عێراقیەکان هەستانە سەرپێ ی و لە خۆشیاندا دەستیان بە هاوارکرد.
پێم وابێت ئەو کەسانەی کە لەناوماندا بوون و لە ژیانێکی ئازادا چاویان بە دنیا هەڵهێناوە هەرگیز ناتوانن لە باندۆری دەرونی دەسەڵاتێکی زاڵم تێ بگەن، هەتا ئەو دەمەی کە سەدام دەستگیر نەکرابوو زۆربەی عێراقیەکان لە گەڕانەوەی بۆ سەر حوکم تۆقیبوون!
بەردوامیم دا بە قسەکانم:
**- سەدام حسێن رۆژی شەمە 13ی دیسێمبەر کات ژمێر 8:30 ئێوارە لە نێو ژێرزەمینێکدا لە گوندی ئەلدۆر نزیکەی 15 کیلۆمەتر لە باشوری تکریت دەستگیر کرا. ئەمە رۆژێکی زۆر گرنگە لە مێژوی ئێوەدا، دەیان ساڵ بوو سەدان هەزار خەڵکی وەک ئێوە لە ژێر ستمەی ئەو پیاو زاڵمەدا دەیناڵاند... ئەم رەوشە بۆ هەمیشە کۆتایی پێهات، ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بۆ ئاسۆی ئاینده بڕوانن، ئایندەیەکی پڕ لە هیوا ئایندەیەکی پڕ لە ئاشتەوایی... ئایندەی ئێوە هەرگیز بە هێندی ئەمڕۆ گەش و پڕ لە هیوا نەبووە..**
**دکتاتور دەستگیرکراو ئێستا لە زینداندایە، وڵاتەکەتان بنیات دەنرێتەوە و ئابوریەکەشی گەشەدەکات، پاش چەند مانگی دیکەش حکومەتی سەربەخۆی خۆتان دەبێت...* ***
ئەمە وتەکانم بوو بە گشتی، عەدنان پاچەچی کە لەولامەوە راوەستابوو بە ئاستەم دەیتوانی هەست و سۆزی خۆی رابگرێت.. پاشان جەنراڵ سانشێز گوتی:
**- دێوەزمەی سەر ملی عێراقیەکان کۆتایی پێ هات...** پاشان هەندێک رونکردنەوەی دیکەی پێشکەش کرد باسی ئەوەی کرد کە دکتاتۆری عێراق لە کێڵگەیەکی چۆڵدا لە نزیک تکریتەوە دۆزراوەتەوە، هیچ کەسێکیش لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەرنەکەوتووە، تەنانەت یەک گولەش نەتەقیوە! هەروەها گوتی سەدام ئێستا لە زینداندایە و گوێڕایەڵیشە و زۆر بە باشی هاوکاریمان دەکات، پاشان داوای کرد کە گڵۆپەکان بکوژێننەوە بۆ ئەوەی بە فلیمی ڤیدیۆ وێنەکانتان پیشان بدەین، ئیتر کەوتە پیشاندانی یەکەم وێنەی سەدام بە یەخسیری کە لەژێر دەستی دکتۆرێکدا کۆنترۆلی نوشداری بۆ دەکرێت، لەو ساتەی کە وێنەکەی سەدام کەوتە سەر شاشە عێراقیەکان دەستیان بە هاوارو قیژەو گریان کرد، هەندێکیان هاواریان دەکرد ( مردن بۆ سەدام ) پاچەچیش فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە ...
پاش ئەوەی کە ( دان سنۆر) لە تەلەفیزۆنی کەنەداوە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەی سەیرکردبوو، تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی ( لەو باوەڕەدام کەناڵی 'جەزیرە' ش ناتوانێت وێنەیەکی نەگەتیف سەبارەت بەو هەواڵە بدات).
پاش کۆنگرە رۆژنامەوانیەکە ئەندامانی کۆنسەی حوکم لە عێراق ' عەدنان پاچەچی، ئەحمەد چەلەبی، موەفەق ئەلروبێعی و عادل مەهدی' هاوڕێ لەگەڵ جەنراڵ سانشێز، سکۆت کارپینتەر و خۆشمدا بەرەو ئەو شوێنە نهێنیەی ناو فرۆکە خانەی بەغداد کەوتینەڕێ، بەرلەوەی بگەینە سەکۆی فڕینی هەلی کۆپتەرەکە زەنگی تەلەفۆنەکەم لێ ی دا، کۆندی رایس بوو؛

**- دەستخۆشیت لیّ دەکەم جیری،** ئەم دەستەواژەیەی پڕ بەدڵ پێ گوتم **بەڕاستی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەت بێ وێنە بوو...** هەروەها ئەوەشی پێ گوتم کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا کۆ دەبێتەوە بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دەستگیرکردنەکەی سەدام. پاشان بە عەدنان پاچەچیم گوت هیچ وتەیەکت هەیە بیگەیەنیت بە سەرۆکی ئەمەریکا؟ پاچەچی تەلەفۆنەکەی وەرگرت و داوای لە رایس کرد کە بەناوی خۆی و ئەندامانی کۆنسەی حوکم و خەڵکی عێراقەوە سوپاسی سەرۆکی ئەمەریکا بکات.

فرۆکەکانمان لە شوێنی یەخسیری سەدام کە شوینیکی لە خشت دروست کراو بوو، چواردەوری بە تەلی دڕکاوی و سەرباز تەنرابوو، نیشتەوە، کە چوینە ژورەوە جەنراڵ سانشێز بە ئەندامانی کۆنسەی حوکمی گوت کە داخۆ دەیانەوێت سەدام لە شاشەوە سەیرکەن یان راستەوخۆ خۆیان بچنە سەردانی؟ ئەوانیش سەرەتا سەیری یەکتریان دەکرد و پاشان هەموو رویان لە عەدنان پاچەچی کرد کە بەتەمەن ترینیان بوو دووایی بڕیاری ئەوەیان دا کە سەدام حسێن بە زرت و زیندویی بەدی بکەن ..

جەنراڵ سانشێزو سەربازێک لە پێشمانەوە بە ڕاڕەوە تاریکەکەدا کە نزیکەی 10 مەتر درێژ بوو بە رەنگی سەوزی سەربازی بۆیاخ کرابوو؛ کەوتنەڕێ، لە دەستی چەپدا وەستان و دەرگایەکی سپی ئاسنیان کردووە،

ژورەکە زۆر بە توندی روناک بوو، ژورێکی سەیرو نامۆ بوو کە پانیەکەی 2،5 مەترو درێژیەکەشی 5 مەتر دەبوو، ژورەکە هەمان ئەو ژورە بوو کە لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەدا بینیمان ، هەمان ئەو  خشتە کاشیە سپی یە شکاوانەم بینی کە لە وێنەکاندا دەردەچون .

لەسەر لایەکی دیوارەکە دوو نەخشەی سەربازی بەغداد هەڵواسرابوون، لەولاشەوە وێنەی هەموو ئەو 55 کەسە تاوانبارەی کە لەسەر کارتی کۆنکەن بڵاوکرابوونەوە هەڵواسرابوون، هەموو ئەوانەشی کە دەستگیر کرابوون یان کوژرابوون خەتێکی راست و چەپ بە سەریاندا هاتبوو، وێنەکەی سەدام خەتێکی گەورەی بەسەردا هاتبوو!

لەسەر زەوی ژورەکەدا لە بەشی دوواوە مێزو هەندێک کورسی کە لە یەک جۆر نەبوون دانرابوو، لەسەر میزەکە هەندێک خواردنی ئامادەکراو کە بەشێکی خورابوو دانرابوو.

هەر چوار ئەندامەکەی کۆنسەی حوکم یەک بەدووای یەک خۆیان کرد بە ژوردا، ئێمەش کە ئەمەریکی بووین لەبەر دەرگاکە راوەستابوین، لە لای راستی ژورەکەوە سەدام لەسەر چرپایەکی سەربازی دانشتبوو، دسداشەیەکی سپی عەرەبی و چاکەتێکی شینی ئەستوری لەبەر بوو، جوتێک نەعلی هەرزان بەهاشی لە پێدا بوو، پەنجەکانی  قاچی پڕ بوون لە پیسی و نینۆکی پەنجە گەورەشی شکابوو ، وەک ئەوەی کە ماوەیەکی درێژ بە ناو تەپ و تۆز و قوڕدا رۆشتبێت، لە لای قاچیەوە پاکەتێک شەربەتی پرتەقاڵ دانرابوو، لە ژوور سەریشیەوە وێنەی فەرمی پەنتاگۆن هەڵواسرابوو کە وێنەی دۆناڵناد رامسفێڵد و سەرۆک بوش بوون، یەکسەر خەیاڵم بۆ ئەو سەربازە زۆرزانانە چوو کە چۆن بیریان بۆ شتێکی ئاوا چووە!

سەدام نقەی نەکرد و بە چاوە تیژەکانی یەکە یەکە لە ئێمە دەڕاما... سەبازیکی ئەمەریکی خۆمان کە زمانی عەرەبی دەزانی لە ژوور سەری سەدامەوە دانابوو فەرمانی ئەوەمان پێ دابوو ئەگەر بێتوو یەکێک لە ئامادەبووان هێرش بکاتە سەر سەدام ئەوە ئەو کۆنترۆلی بارودۆخەکە بکات...

چەلەبی دەستی دایە کورسیەک و هەروەک ئەوەی داوەربێت و بیەوێت دادگایی سەدام بکات لە بەرامبەریدا دانیشت، پاچاچیش دانیشت بەڵام زۆر لە نزیکەوە نەبوو، عادل مەهدیش کورسیەکی بە هێواشی راکێشاو ئەویش دانیشت، موفەق روبەیعی دانەنیشت بەڵکو هەر بەناو ژورە درێژەکەدا هاتوچۆی دەکرد و چاوی زۆر بە تیژی لە سەدام دەبڕی، لەپڕ روی کردە سەدام و پێ ی گوت :

**- سەدام حسێن خوا پێ ی نواندیت...**

ماوەیەک بوو زمانی عەرەبیم دەخوێند، تێ گەشتم کە ئەوە سوکایەتی پێکردنێکی زۆر بوو بە سەدام، هەمان ئەو وشەیە لە سەدەکانی ناوەڕستدا لە ئەوروپا بەکار دەهات کە بە کەسێکیان دەگوت ( خوا پێت بنوێنێت ).

سەربازە عەرەبی زانەکە ئێستا هاتە نێوان من و سانشێزەوە بۆ ئەوەی دەمە تەقێ ی نێوانیان بۆ ئێمە وەرگێرێت...

سەدام کە چاوی بە روناکیە زۆرەکەی ژورەوە هەڵندەهات کەوتە وەڵام دانەوە؛

**- تۆ خۆت بە چی ئەزانیت وا سەرزەنشتی من دەکەیت، تۆ خائینێکی دوای ئەمەریکیەکان کەوتویت.**

پاشان سەدام روی دەمی کردە عەدنان پاچەچی کە چەند ساڵێک وەزیری کاروباری دەرەوە بووەو پاشان عێراقی بەجێ هێشتووە و سەدام چەندین جار هەوڵی لەناو بردنی دابوو، پێ ی گوت:

**- هاورێکەم دکتۆر عەدنان،** سەدام بە دەنگێکی نەرم تر لەگەڵ ئەمدا دەدوا، **تۆ چی دەکەیت لە گەڵ ئەم خائینانەدا؟ شوێنی تۆ لە ناو ئەوانەدا نی یە شوێنی تۆ لە ناو ئێمەدایە!** کە وشەی ئێمەی تەواو کرد، دەستی درێژ کرد و کەوتە خورانی ناو سنگی پاشان بە توانج و رێزەوە گوتی؛

**- کێ ئەم سەرکردە مەزنانەی عێراقی نوێم پێ دەناسێنێت؟**

عادل مەهدی کەوتە دوواندنی سەدام و پرسیار لێ کردنی؛

**- وەڵامت چی یە کە ئەو هەموو خەڵکەت لە هەڵبەجە کیمیا باراران کرد، لەسەر پرۆسەی ئەنفال چێ دەڵییت؟ بۆچی ئەو کارانەت ئەنجامدا؟**

ئیتر وردە وردە هەر چواریان کەوتنە پرسیار لێ کردنی ئەویش تەنها وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەدایەوە کە بەدڵی خۆی وەڵامەکانی بدایاتەوە..

روبەیعیش لێ پرسی 'باشە هەر هیچ نەبوایە وەک کورەکانت شەرت بکردایە تا مردن' بەڵام سەدام وەڵامی ئەم پرسیارەی نەدایەوە و روی کردە جەنرال سانشێز کە بەرگە سەربازیەکەی سێ ئەستێرەی پێوەبوو گوتی:

**- ئەگەر تۆ لە شوێنی مندا بویتایە بەرگریت پێ دەکرا؟**

پاشان هەردوو شانی هەڵتەکاندو لەبەر خۆیەوە بە روبەیعی گوت ( **ئاخەر تۆ چی لە جەنگ و بەرگری دەزانیت؟ )**

پاشان عادل مەهدی هەردوو دەستەکانی خۆی کردەوە و دانی بەیەکداو بە سەدامی گوت؛

**- ئەی باشە وەڵامت چی یە بۆ ئەو هەموو گۆرە بە کۆمەڵانە و ئەو دەیان هەزار خەڵکەی کە کوشتوتن؟**

سەدام روی خۆی وەرگێراو بە سەرسورمانی یەوە پرسی؛

**- کوشتن؟ ئەوانە هەر هەمویان دزو جەردەو خائن و ئێرانی بوون..**

عەدنان پاچەچیش لە سەدامی پرسی؛

**- ئەی باشە بۆ چی هێرشت کردە سەر کوێت و داگیرت کرد، هەموو نەهامەتیەکانی عێراق لەو کاتەوە دەستی پێ کرد...**

**- ئەگەر من شتێک چووە سەرمەوە دەیکەم، من وام..**

سەدام کەوتە بیانوو هێنانەوە بۆ هێرشەی خۆی بۆ سەر کوێت، بەڵام لە ناکاو لە عەدنان پاچەچی پرسی

**- دکتۆر عەدنان بۆ تۆش(کوێت) ت بە پارێزگای نۆزدەهەمی عێراق نەدەزانی؟**

من ئەو دەمە ئەوەم هاتەوە یاد کە گویا کاتی خۆی لە یەکێک لە کتێبەکانی حزبی بەعس کە عەدنان پاچەچی کاتی خۆی هەر خۆی نوسیویەتی داوای ئەوە کردەوە کە رژێمی کوێت پێوستە سزا بدرێت.

**- ئەوە جاران بوو ماوەیەکی زۆر درێژ لەمەوبەر بوو..**

روبەیعی پاشان لە سەدامی پرسی

**- بۆچی ساڵی 1999 فەرمانی کوشتنی سەدرت دا؟**

وشەی سەدر بە زمانی عەرەبی واتای ( سنگ ) دەدات، بۆیە سەدام وەڵامێکی گاڵتە ئامێزی دایەوە؛

**- سەدر( سنگ ) یان قاچ ؟**

پاشان ناوی چەند پیاوێکی ئاینی دیکەیان لێ پرسی کە بۆ چی کوشتونی سەدام لە وەڵامدا دەیگوت ئەوە هەموو پروپاگەندەن...

پاچەچیش دیسانەوە لێ ی پرسی بۆچی هێرشی کردۆتە سەر وڵاتانی دراوسێ ی ئەویش لە وەڵامدا دەیگوت بەرژەوەندی عێراق و خەڵکی چی بخوازێت من ئەوەم کردووە..
ئەحمەد چەلەبی هەستایە سەرپێ و بەرەو دەرگاکە بەرێ کەوت، ئەوانی دیکەش بە دوایەوە هاتنە دەرەوە، لە هاتنە دەرەوەیدا روبەیعی روی کردەوە سەدام و پێ ی گوت؛

**- سەدام خوا پێ ی نواندیت، بە چ رویەکەوە سبەی بەرامبەر بە خودای خۆت دەبیتەوە؟**

هەروەک ئەوەی کە ئەم وشانە زۆر کاریگەریان لەسەر سەدام کردبێت، وەڵامی دایەوەو گوتی

**- بە رۆحێکی خاوێن و پڕ ئیمانەوە دەچمە بەردەمی.**

بە داڵانە تاریکەکەدا هاتینەوە دەرەوە، روبەیعی زۆر بێزار بوو، پاچەچی غەمابار بوو ، ئەحمەد چەلەبی زۆر تورەو ناکام بوو هەر سەری بادەداو لەبەر خۆیەوە چەند جار گوتی؛

**- ئەم کابرایە هیچ فێر نەبووە ... هیچ..**

لە گەڕانەوەماندا بۆ لای هەلی کۆپتەرەکە سکۆت سەیری من و سانشێزی کرد و گوتی ( هیچ کام لە ئێمە قسەیەکی نەکرد هەروەک ئەوەی کە ئێمە هەموو لەو باوەڕەدا بین کە ئەمە کێشەیەکە تایبەتە بە عێراقیەکان خۆیان، ( براین مەک کۆراک ) بە مۆبیل تەلەفۆنەکەی خۆی کۆشکی سپی لە هەموو شتێک ئاگادار کردەوە..
کە گەشتینەوە شوێنی خۆمان( براین ) شوشەیەک شامپانیای هەڵپچڕی و هەرسێکمان بە خۆشی سەرکەوتنی سوپای ئەمەریکا لەم کارەیدا پەرداخەکانمان دا بەیەکداو سەرو پێکمان نۆشی..
پاشان داوام لە ( دک ) و سکۆت کرد کە جاری نەڕۆن بۆ ئەوەی هەندێک بیروڕا سەبارەت بە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا کە ئێمە بە کامیرای سەتەلایتی شیفرە کراو بەشداریمان تیادا دەکرد هەندێک بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەین، هەموو بیرمان لەوە دەکردەوە کە دەستگیر کردنی سەدام بکەینە دەستکەوتێک بۆ لێدان و هەڵوەشاندنی بەرهەڵستکاران.
پاش کاژێرێک سەرۆک بوش خۆی تەلەفۆنی لەگەڵ کردم کە دیار بوو زۆر کامەرانە:

**- بریمەر هەواڵت چۆنە؟ کارێکی باشتان ئەنجام داوە!**

**- جەنابی سەرۆک ئەو کارە سەربازەکانمان ئەنجامیان داوە من تەنها لە پشتەوە کارم کردووە!**

**- کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەشتم بینی زۆر بە جوانی وتەکانی خۆت پێشکەش کرد، پێشنیاری ئاشتەوایییەکەشت زۆر لە شوێنی خۆیدا بوو..**

**- پێم خۆشە جەنبتان وا دەڵێن، هەندێک لە راوێژکاران پێیان وابوو کە من زیادە رۆییم کردووە! بەڵام بەڕای من پێوستە ئێمە ئەوە پیشان بدەین کە کار بۆ ئاشتەوایی دەکەین**

**- بەڵێ من تەواو لەگەڵ بۆچونەکەتدام..** پاشان سەرۆک هاتەوە سەر باسی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکە و ئەو هەموو هاوارو بەختەوەریەی کە ئامادە بووانی گرتەوە و گوتی:

**- ئەوە چۆن توانیت وا بەباشی ئەو کارە پێشکەش کەیت؟**

**- ئەوە لە خۆڕا رویاندا، پاچەچی فرمێسک بە چاویدا هاتەخوارەوە، رۆژنامەوانە عێراقیەکان هەندێکیان لە خۆشیدا هاواریان دەکرد و هەندێکیشیان دەگریان..**

**- کات ژمێر یەکی نیوەڕۆ من وتار پێشکەش بە خەڵکی ئەمەریکا دەکەم و پێیان رادەگەیەنم کە بەرەنگاری هێشتا کۆتایی نەهاتووە، پیرۆبایی لە سەربازەکانمان و سی ئای ئەی دەکەم، بەڵام پەیامی ئاشتەوایی بۆ تۆ بەجێ دەهێڵم..**

**- بەڵێ ... کۆنسەی حوکمیش لە عێراق سبەی وتاری خۆیان پێشکەش دەکەن، هەروەک جەنبتان ئاگادارن ئەمڕۆ من و سانشێز چوار ئەندامی کۆنسە حوکمی عێراقمان لەگەڵ خۆماندا برد بۆ لای سەدام.**

**- ئێ ، بەڕاست رەوشەکە چۆن بەرێوەچوو؟**

**- زۆر سەیر بوو، هەمومان لە لایەوە وەستابووین لە شوێنێکی زۆر بچوکدا ئەگەر تۆزێک دەستم بجوڵانایە بەری دەکەوت ئەوەندە لێوەی نزیک بووم!**
**- ئەی وەرەی چۆنە؟**
**-کابرایەکی تێکشاو و دۆڕاو دێتە بەرچاو بەڵام هێشتا بەقسەیە، دڵەراوکەی زۆری پێوە دیار بوو هەر خەریکی پەنجەکانی بوو دەستەکانی دەلەزین و هەندێک جار خۆشی نەیدەزانی چی دەڵێت، بەڵام هێزی ئەوەی تیادا مابوو کە بەرامبەر نەیارەکانی وەڵام بداتەوە.. وێرای ئەوەش بە چاوەکانیدا دیار بوو کە ئیتر باش دەزانێت لە ژێر رەحمەتی یاسادایە..**
**جەنابی سەرۆک بەو پێ یەی کە سەدام وەک یەخسیری جەنگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت جارێ ناتوانین بیدەینەوە دەستی عێراقیەکان، بەڵام هەندێک زیندانی دیکەمان لایە کە یەخسیری جەنگ نین ئەوانە دەدەینەوە بەوان، هەروەها پێم وایە کە ئێمە دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین ئەو دەستگیرکردنەی سەدام وەک ئامانجێک بۆ لێکهەڵوەشاندن و تێکشکاندنی بەرهەڵستکاران بەکاربێنین.**
سەرۆک لەگەڵ بۆچونەکانمدا بوو، لە وتارەکەشیدا هەمان شت بەدی دەکرا، بۆ رۆژی دووایی عێراقیەکان وتاری خۆیان پێشکەش بە گەلانی خۆیان کرد و هیوای ئایندەیەکی روناکیان بۆ خۆیان خواست، من و سانشێزیش پێکەوە ئاهەنگی سەرکەوتنمان سازدا، من سوپاسی سانشێزم کرد بۆ ئەو کارە ئەویش گوتی سوپاسی سەربازەکانمان بکە ئەوان ئەو کارەیان ئەنجام داوە، سەرلە بەیانی ئەو رۆژە کە لە دالانی کۆشکەکانەوە بەدەر دەکەوتم لە لایەن عێراقیەکانەوە چەپڵە رێزان دەکرام...
کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە 15ی دیسێمبەر ئەنجام درا، منیش بە کامیرای شیفرەکراو بەشداریم کرد، لەسەر شاشەکە ئەندامانی ئەنجومەنم بینی کە لە بنکەی ( رۆم ) لە کۆشکی سپی دانشتبوون، جەنراڵ جۆن ئەبی زەید راپۆرتی خۆی تەواو کرد، سەرۆک روی دەمی لە من کردو پرسی:
**- جیری ئەرێ کەناڵی ئەلجەزیرە چۆن هەواڵەکەی بڵاوکردووە؟**
بە پێکەنینەوە وەڵامم دایەوە
**- جەنابی سەرۆک، زۆریان هەوڵدا هەواڵێکی ناخۆش بدۆزنەوە بەڵام نەیانتوانی، یەکێک لە پەیامنێرەکانیان چوو بۆ لای شۆفێریک کە ماوەیەکی زۆر درێژ نۆرەی بۆ بەنزین گرتبوو، لە شۆفێرەکەیان پرسی بوو تۆ زۆر دەمێکە بۆ بەنزین وەستاویت هەڵوێستت چی یە بەرامبەر بە هاوپەیمانان بەڵام شۆفێرەکە بە پێکەنینەوە وەڵامی دانەوە ( سەدامیان گرتووە سەدام.... )، پاشان چونە لای شۆفێرێکی دیکەو هەمان پرسیاریان ئاراستە کرد ئەویش بە هەمان شێوە وەڵامی دانەوە ( هەمدولیلا سەدامیان گرتووە و خوا هەقی لێ سەندەوە ) ...**
سەرۆک بە دڵخۆشییەوە گوتی
**- ئەمە هەواڵێکی خۆشە...**

....................

* ئەم نوسینەی پۆڵ برێمەر بەشێکە لە یاداوەریەکانی ناوبراو کە لە دووتوێ ی کتێبێکدا بڵاوی کردنەوە، ناوی ئەو بەشەی کە ئەم نوسینەی تیادا کراوە بەکوردی بریتیە لە ( خوشک و برایانی بەڕێز... دەستگیرمان کرد )...

**وتەکانی بریمەر زۆرن بەڵام لێرەدا هەوڵم داوە بە کورتی بیخەمە روو چونکە ئەو وتانە لە رۆژی خۆیدا لە تەلەفیزۆنەکانەوە هەمووی پەخش کران- وەرگێڕ-.

سەرچاوە:

Paul Bremer , Na Saddam, Mijn leven als bewindvoerder van Irak, uitgeverij Balans, Amsterdam 2006.